خاوەنی ئیمتیاز و
سەرنووسەر:
عومەر عەلی

# ڕۆشنبیر

ژمــاره (٤) – بەهاری ٢٠١٢

بڵاوکراوەیەکی ڕۆشنبیری
گشتی سەربەخۆیە، لە
هەولێری پایتەخت،
ناوبەناو دەردەچێت

## تــوانــا شــاراوەکانــی مــرۆڤ

**ئا: ئەحمەد سەرکەوت**

مێشکی مرۆڤ توانای هەیە (١٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠) زانیاری بەشێوەیەکی ڕێکوپێک هەڵبگرێت و بیپارێزێ، گەر ئەم زانیارییانە بخرێتە سەر کاغەزێك، ئەوا کتێبخانەیەکی گەورە و فراوانی لێ دەردەچێ، بەمەرجێ ملیۆنەها پەرتووکی لەخۆ گرتبێ، هەروەها بۆ کۆکردنەوە و نووسینەوەیان مرۆڤ پێویستی بە هەزاران ساڵە. یەکێك لە بەخششەکانی تری پەروەردگار، (چاو)ە، کە ڕۆژانە دوو ملیۆن وێنە بۆ مێشك دەگوێزێتەوە، تاکو تۆماریان بکات. بەهەمانشێوە، گوێچك، کە دەنگەکان بۆ مێشك دەگوێزێتەوە، تاکو لەسەر کاسێتێ تۆماریان بکات. هەروەها هەستی بەرکەوتن و بۆنکردن، هەمان خاسییەتیان هەیە. پرۆفیسۆری ناودار (ئەشیتن بوخ) دەڵێ: "ئەگەر بمانەوێ توانای پارێزەری مێشك ئاشکرا بکەین، ئەوا پێویستمان بە (٤٠٠٠٠)هەزار ساڵ دەبێ بۆ دروستکردنی ئامێرێك، کە بتوانێ جێگەی دەماغ بگرێتەوە". دکتۆر (وایلدرین فیلد)یش دەڵێ: دەکرێ شوێنی چالاکییەکانی لەش بزانین، بەڵام تائێستاش شوێنی



ویژدانی مرۆڤ نازانین. ئێمە وادەزانین، کەوا مێشکی مرۆڤ شتی لەبیر دەچێ، بەڵام زاناکان دەڵێن: مێشکی مرۆڤ هیچ شتێکی بیرناچێ. لەهەمووی سەیرتر ئەوەیە، چالاکی بەشێك لە بەشەکانی مێشك دەگۆڕێ بۆ بەشێکی تر، ئەگەر بەشی یەکەمیان لەکار بکەوێ، ئەوا زیان بە بەشەکانی تر ناگەیەنێ. خانەکانی لەش بەردەوام بەهۆی کردەزیندەییەکانەوە، لە گۆڕاندان، گەر خانەیەکی لەناوبچێ، خانەیەکی تر جێگەی دەگرێتەوە، هەندێك لە زانایان پێیانوبوو، خانەی مێشك لەگەڵ خانەکانی تر جیاوازەو ئەم یاسایە نایگرێتەوە، بەڵام لەدوییدا دەرکەوت، کە هەمان ئەرکی هەیە، ئەویش بە بەردەوامی خانەکانی دەگۆڕین و نوێ دەبنەوە بەڕاستی ئەمە ڕەحمەتێکی گەورە و فراوانە لە ڕەحمەتەکانی خواوەندی بەدیهێنەر. زانای فەرەنسی (ملامارین) دەڵێ: "هەموو ئەندامێکی لەش لەماوەی چەند مانگێکدا دەگۆڕێ، ئەم گۆڕنەش مێشکی مرۆڤیش دەگرێتەوە، هەروەها ئەو گەردیلە و خانانە دەگرێتەوە، کە لە ماوەی ئەو چەند مانگەدا دروست دەبن".

**سەرچاوە: ڕاستییەکانی زانستی سەردەم.**



## کاری پێشووی ئەم پیاوە ناودارانە

**ئا: عومەر عەلی**

- ⋆ ئەدۆلف هیتلەر – وێنەکێشی پۆستەر
- ⋆ جیمی کارتەر – چاندنی بادەم
- ⋆ ڕۆناڵد ڕیگان – هونەرمەندی سینەمایی
- ⋆ مۆسۆلۆنی – ڕۆژنامەنووس
- ⋆ ویلیام شکسپیر – ئەکتەری گەرۆك

## بابانوئێل



لە کوردەواری پێی ئەڵێن سەری ساڵ، بەڵام نایبینین نە سەر و نە گیان و نە باڵ، شەوێك خۆشی پڕ بە سەدساڵ، لەلایان خۆشە پیر و گەنج و منداڵ، ئەوەی ئەوروپا ئەیڵێ، لە عیراق ئەوپەڕی خەیاڵ، لە ئەوروپا وەرگرتنی دیاری و بابانوئێل، لای ئێمەش نوستن و ماندووی سەرچاوەی چۆڵ، ئەم ساڵ لە جیهان دڵتەنگی لەبەر قەیرانی ئابوری، لەعێراقیش جرت و فرت و دڵخۆشی، بەرزبوونەوەی موچەی فەرمانبەران، سەری ساڵ لە ئەوروپا واتا ڕوناکی و یاری لە عێراقیش نەبوونی، کارەبا و ژیانی تاریك، بڵێین ئەم ساڵە خۆشترین ساڵە، یان بە ساڵ بڵێین خۆزگەمان بە پار.

**سەرچاوە: گۆڤاری هەنگاو**

## هـۆنـراوە

**وریابە وەرە لە غەفڵەت ماڵئاواکە**
**زەخیرەی ئەو ڕێگایەت پڕ لە تەقواکە**
**تا نەچوویتە حزووری تۆزێ حەیاکە**
**برا شێتی بەسە عەقڵێ پەیاکە**
**لەخولق و خووی حەیوان خۆت جیاکە**

## نغرۆبوونی تایتانیك

**ئا: شازاد شێرزاد**

نغرۆبوونی کەشتی نەفەرهەڵگری تایتانیك بەخراپترین کارەساتە دەریاییەکان لەمێژوودا دادەنرێ. ئەم کەشتییە نازدارە، کە درێژییەکەی دەگەشتە (٢٦٩ مەتر) و کێشەکەی (٤٦ هەزار تەن) دەبوو، لە یەکەمین گەشتدا بوو لە ئینگلتەراوە بۆ ئەمریکا، کاتێ بەر شاخێکی سەهۆڵبەند دەکەوێ، ڕووداوەکەش لە کاتژمێر (٤٠،١١)ی شەو بوو. لەکاتی دروستکردنی، گەورەترین کەشیت نەفەرهەڵگری ئەو سەردەمەی



خۆی دەبێت، خاوەنەکەی کەشتییەکەی وا دامەزراندن، کە هەرگیز نغرۆنەبێ، چونکە ژووری دەرگای داخراوی تێدا بوو، کە ئەمە بەس بوو بۆ ئەوەی کە لەکاتی نغرۆبووندا، کەشتییەکە لەسەر ئاو بهێڵێتەوە، بەڵام لە یەکەمین گەشتدا، دواهەمین گەشت بوو بۆ تایتانیك، کە (٢٢١٨) کەسی هەڵگرتبوو، کە دەستەی کرێکار و ئەندازیار و کەشتیەوانێکی تێدا بوو و لەمانە (١٥٠٦) کەس خنکان و (٧١٢) کەس ڕزگاریان بوو.

**سەرچاوە: فەرهەنگی کارەساتە سروشتییەکان، خالید حەداد.**

# گوڵی ئاگرین

**ئا: ئەحمەد سەرکەت**

زانایان ئاشکرایان کردووە، کە لە ڕووسیا گوڵێکی سەیرو نامۆ هەیە، کە ناویان ناوە (گوڵی ئاگرین)، لە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی ئەوەیە، کە کاتێ ئاگر دەگرێ ناسووتێ، بەڵکو ئاگرێکی شینی جوانی لێ پەیدا دەبێ و چەند ساتێك بەم شێوەیە دەمێنێتەوە و ئینجا دەچێتە دۆخی ئاسایی جارانی خۆیەوە.
شوێنی سەرەکی ئەم گوڵە دارستانی (ئەمەزۆن) و (ئۆکرانیا)یە، لەلایەکی ترەوە زانایان بۆیان دەرکەوتووە، کە پەیدابوونی ئەم گڕە لەم گوڵە



ناسکەدا لەو کاتەدا دەبێت، کە گژوگیا و ڕووەکەکان لە دارستانەکاندا بەشێوەیەکی زۆر و بەرچاو گەورە دەبن، لەم کاتەشدا ئاو و هەوا لەم بەشەی زەویدا بەهۆی چڕی گژوگیاو و ڕووەکەکانەوە بەشیان ناکا، بەهەمانشێوەش بەشێوەیەکی خەیاڵی کارەکە ئاڵۆز تر دەکات، کاتێ ئەم گوڵە گڕ دەگرێ هەموو گژوگیای ئەو نزیکە دەسووتێنێ تاکو ئەم دارستانەن دەچێتە باری ئاسیی خۆی. کەواتا ئەم گوڵە ڕۆڵێکی سەرەکی لە ڕێکخستنی هاوکێشەی ئەم دارستانەدا هەیە. (کولە شەیئین خەلەقناهوو بیقەدەر) واتا هەموو شتێکمان لە ئەزەلەوە دیاری کردووە و نووسیوە.

# وتەی ناوداران

**ئا: عومەر عەلی**



- سەرکەوتن واتا ویستن. (ناپلیۆن)
- چاوی جوانی پڕ لە فرمێسك لە بزە جوانترە. (کامپ پڵ)
- ئەگەر دان بە هەڵە بچوکەکانماندا بنێین، بۆ ئەوەیە بۆ کەسی بەرامبەر بیسەلمێنین، کە هەڵەی گەورەمان نییە. (فیساغۆرس)
- لە هەڵەکانی خۆتان شەرمەزار مەبن و بە تاوانی مەزانن. (کۆنفۆشیۆس)
- هەڵە دەرفەتێکە بۆ ئەوەی هۆشمەندتر بین. (هێنری فۆرد)
- جلی کۆن لەبەرکەن، بەڵام کتێبی نوێ بخوێننەوە. (ئاستین فلیێز).
- خۆ بەگەورە زانین، نیشانەی بەدبەختییە. (ئەمێرسۆن)
- باشترین ڕێگەچارەی تورەیی دواخستنییەتی. (سێلیکا)
- سەرکەوتن، ١٪ی بیلمەتی و دەرکەوتنە، ٩٩٪ ئارەقەڕشتنە. (تۆماس ئەدیسۆن)
- دۆڕان دەبێ هێزی نووستووت بەئاگا بێنێتەوە. (ڕۆمەڵ ڕۆلان)
- زانایەکی بێ ویژدان قەت نابێتە خاوەنی ڕۆحێکی ئارام. (ڕابلە)

# سێ گۆشەی بەرمۆدا

**شازاد شێرزاد**

بەرمۆدا ناوچەیەکە لە شێوەی سێ گۆشەیەك، دەکەوێتە ڕۆژئاوای ئۆقیانووسی ئەتڵەسی، ڕووداوەکانی ئەم ناوچەیە بەناوبانگە، پێنج فرۆکەی ئەمریکی، کە بۆ مەشقکردن دەڕۆیشتن، کە ٥١٤ کەسی هەڵگرتبوو، مانگی (١٢)ی (١٩٤٥) بزربوون، دوایی فرۆکەیەکی تر ڕەوانەکرا تاکو بەدوای فرۆکەکانی تر بگەڕێت، بەڵام ئەویش هەر بزر بوو، دوای ئەویش فرۆکەیەکی تر، کە نەفەرهەڵگر بوو، (٣٢) کەسی تێدابوو، لە ساڵی (١٩٤٨) بزربوو، هەروەها کەشتییەکی نەوت هەڵگر، کە ڕێگای لێ ون بوو، (٣٩) کەسی تێدا بوو، ساڵی (١٩٦٣) ون بوو، ژێرئاوییەکی ئەمریکی (غواصە)، کە بە وزەی ئەتۆم کاری دەکرد لە ساڵی (١٩٦٨) ون بوو، هەرگیز شوێنەواری نەدۆزرایەوە و هەندێ شیکەرەوە پاساویان دۆزییەوە بۆ ئەم ڕووداوە، فڕۆکەیەکی دیکەش لە ئەنجامی هەڵەی هەنەری، کە هەڵەکە لەنێو فڕۆکەکە دروست بوو، ون بوو، ئەم ڕووداوانەی کە لە سێ گۆشەی بەرمۆدا ڕوو دەدەن، ئاساییە و لەوانەیە لەهەر ناوچەیەکی دیکەی زەوی ڕوو بدەن.

**سەرچاوە:**

**فەرهەنگی کارەساتە سروشتییەکان، خالید حەداد**

# خۆپاراستن باشترە لە چارەسەرکردن

**ن: عومەر عەلی**

ڕۆژێ پارێز دەگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە، بەدایکی دەڵێ: دایکە بچمە دەرەوە یاری بکەم؟ دایکی دەڵێ: نەخێر، چونکە ئێستا نیوەڕۆیە و دەگەڕێمەوە.
پارێز تووڕە دەبێ و دەچێتە ژوورەکەی خۆی، دوای پارێز لە چەنجەرەی ژوورەکەی، کە ڕووی لە دەرەوە بوو، دەچێتە دەرەوەو یاری دەکا پاشان دێتە ژوورەکەی خۆی و لەبەر فێنککەرەوەکە خەوی لێ دەکەوێ. دوایی هەڵدەستێ و هەست بە لەرزوتا دەکا، دایك و باوکی دەیبەن بۆ لای پزیشك، پزیشك دەڵێ: لەرزوتایەکی زۆرخراپی گرتووە، بەڵام من ئەم دەرمانەی دەدەمێ تا چاك بێ، دوایی داوای لێبووردن لە دایك و باوکی دەکا و دەڵێ: خۆپاراستن باشترە لە چارەسەرکردن.



# بەهار و جەژنی نەورۆز

بەهار بوکی ڕازاوەی وەرزەکانی ساڵە، چونکە وەك دەزانین تاکە وەرزێکە تێدا سەرلەبەری دەشت و دەر پۆشاکی سەوز دەپۆشێ و ڕەنگاڵەیی گوڵە کێویلەکان ڕەونەقی بەهەشتی دەبەخشێ و سروشت خۆی لە چنگی سەرماوسۆڵەی دووروودرێژی زستان دەردەپەڕێنێ، بەمەش هەموو مرۆڤێك خوێنی لاوێتی تێدەگەڕێتەوەو هەست بە نوێبوونەوەی خانەکانی لەشی دەکات و لە هەموو کاتێکی تر بە گوڕوتین تر دەنوێنێ.. ئەوەی لە بەهاردا، ئێمەی کورد جیادەکاتەوە لە میللەتانی تری دونیا، ئەوەیە کە ئێمە بەدەر لەوەی وەك ئەوانیتر هاوبەشین لە خۆشی بەهار، هەمانکات لە دواداوایی‌ەکانی مانگی ئاداردا جەژنێکی گەورەو مەزن و پیرۆزمان دێتە پێش، کە هاوکاتە بە سەری ساڵی کوردیی، ئەویش جەژنی نەتەوەیی (نەورۆز)ە، کە ئەمەش بۆخۆی زیاتر جۆش و خرۆش بە ڕۆڵەکانی کورد دەدات و یادی باوباپیرانی قارەمانی خۆی دەهێنێتەوە یاد، چونکە وەك ئاشکرایە کورد یەکێکە لە نەتەوە ژێر دەستەکانی جیهان و ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوین، کە هەمیشە دووچاری دەیەها گرفت و کێشەی گەورە بۆتەوە، ئەمەش وایکردووە، کە بەردەوام ڕۆڵەکانی لە ڕێگای خۆبەختکردن و قوربانیدانی هەمیشەییدا بن و ڕووبارێك خوێنی ئاڵ لە ڕێ ڕزگاریخوازیدا بڕێژن، ئەمە لە کاتێکدایە نەورۆزیش جەژنی سەرکەوتنی ڕۆشنایییە بەسەر تاریکیدا، سەرکەوتنی باشەیە بەسەر خراپەدا، سەرکەوتنی دڵ و دەروون سافانە بەسەر کینە و ڕق لە دڵاندا، بۆیە کاتێك لە ٢١ی ئاداری هەموو ساڵێکدا ڕۆڵەکانی کورد یادی ئەو ڕۆژە پیرۆزە دەکەنەوە خوێنیان بە یاد و یادگارییەکان تێکەڵ دەبێ و هەست دەکەن کە جارێکی تر گەڕاونەتەوە ئەو سەردەمانە.. ئەمە لە لایەك.. لەلایەکی تریشەوە جەژنی نەورۆز ئەو ڕۆژە مەزنەیە لە مێژووی خەباتی کوردایەتیدا کە لە ساڵی ١٩٩١ بۆ یەکەمین جار توانرا لەو ڕۆژەدا شاری دڵ و قودسەکەی کوردستان (کەرکوك) ڕزگار بکرێت و بگەڕێتەوە باوەشی دایکی خۆی، بەڵام ئەوەبوو ئەو گەڕانەوەیە زۆری نەخایاند.. کەواتە ئەگەر وەرزی بەهار یەکجار بۆ خەڵکانی تر مانای لەخۆگرتبێ، ئەوا بۆ ئێمەی کورد هەڵگری چەندین ئاماژە و نیشانەی گەورەیە و ناکرێ بەو ئاسانییە لە یادیان بکەین.

---

# ئایا دەزانی؟

- ئایا دەزانی تیشکی خۆر لە قوڵایی چل مەتر، لەناو دەریادا دیارە.
- ئایا دەزانی منداڵ زیاتر لە بەهاردا گەشە دەکا.
- ئایا دەزانی مێرووله هەرگیز ناخەوێ.
- ئایا دەزانی زمان بەهێزترین ماسولکەی جەستەی مرۆڤە.
- ئایا دەزانی بەراز ناتوانێ ئاسمان ببینێ، چونکە ملی ناسووڕێ.
- ئایا دەزانی تەنها بۆقی نێر دەتوانێ بقوڕێنێ.
- ئایا دەزانی ڕۆژی جیهانی ئایدز (١٢/١)ی هەموو ساڵێکە.
- ئایا دەزانی دایك و باوکی (گراهام بیل) کەڕولاڵ بوون.
- ئایا دەزانی حەفتاو پێنج لە سەدی گیانلەبەرانی سەر ڕووی زەوی مێروولەن.
- ئایا دەزانی لە ئەمەریکا مۆز لە هەموو میوەکان، زیاتر دەخورێت.



- ئایا دەزانی ساڵێك ١٢ مانگ و ٥٢ هەفتە و ٨٧٦٦ کاتژمێر و ٥٢٥٩٦٠ خولەك و ٣١٥٥٧٦٠٠ چرکەیە.
- ئایا دەزانی سەد و حەفتا جۆر بۆقی ژەهراوی هەیە.
- ئایا دەزانی هۆڵەندا خاکی بۆ خۆی دروستکرووە، چونکە وڵاتێکی ئاوییە.

- ئایا دەزانی (کواله) ڕۆژی ژ ٨ سەعات دەخەوێ.
- ئایا دەزانی (عێراق) واتا (کەناری ئاو).
- ئایا دەزانی ئاستۆر میکرۆبی دۆزییەوە.
- ئایا دەزانی قوڵەی ئیڤل ٣٠٠ مەترە.
- ئایا دەزانی سوکترین مادده هایدرۆجینە.
- ئایا دەزانی تایتانیك ١٩١٢/٤/١٤ ژێر ئاو کەوت.
- ئایا دەزانی ڤاز یەکەمین باڵندەی ئاوییە.
- ئایا دەزانی هەسارەی زوهرە پێچەوانەی هەسارەکان دەسووڕێتەوە.
- ئایا دەزانی ئەتۆم لە (N+P) پێکهاتووە.
- ئایا دەزانی جیرارد ئەسپرینی دۆزییەوە.
- ئایا دەزانی خۆر ٩٣ میلیۆن کیلۆمەتر لە زەوی دوورە.
- ئایا دەزانی ماددەی سەرەکی قاوە کافینە.
- ئایا دەزانی کلفیار هێلکەی ماسییە.
- ئایا دەزانی ژاپۆن بە دوو ساڵ کەشتییەك دروست دەکات.
- ئایا دەزانی زمانی ژاپۆنی ٥٠٠ پیتی هەیە.
- ئایا دەزانی جەستەی مرۆڤ ٣٦٠ جومگەی تێدایە.
- ئایا دەزانی دڵی مرۆڤ ساڵانە سێ ملیۆن جار لێ دەدات.
- ئایا دەزانی تیمساح ٦٠ ددانی هەیە.

## ڕەوانبێژی

بڕۆت چین و پەرچەم چین لەسەر چین
ئەوەندە چینە قوربان پێم بڵێن چین
(نالی)

تاڵ و شیرین پێکەوە نەمدیوە چا بێ چا نەبێ
هەرکەس هەمنشینی چا نەبێ پێت چا نەبێ
(نالی)

# مێشکی مرۆڤ




**ئا: عومەر عەلی – بەشی یەکەم**

مێشك لە چەند بەشێك پێکهاتووە، زانایان دەڵێن: هەر بەشێ تایبەتمەندی خۆی هەیە، تایبەتمەندی بەشی ڕاستی مێشك، بریتییە لە: - توانای وەرزش. - توانای مۆسیقا. - دۆزینەوەی ئاراستەکان. - لێهاتوویی بەرێوەبردنی نییە. - سەنتەری وێنە و هەڵسەنگاندنە. - توانای شیکردنەوەی پرسیارەکان. - توانای ناسینەوەی مرۆڤەکانی تر. - هونەری نیگارکێشی و نەخشەسازی. - توانای داهێنان و دۆزینەوەی شتەکان. - سەنتەری عەشق و سۆز و خۆشەویستی. - توانای جیاکردنەوەی ڕەنگ و دەنگەکان. - لای چەپی جەستەی مرۆڤ کۆنترۆڵ دەکات. - هەستی ساوانی (لەمس) و تێگەیشتنی شتە سەیرەکان. - توانای بیرکاری و فەلسەفە و داڕشتن و ڕێکخستنی نییە.

**سەرچاوە:** www.articles.ir - www.aftab.ir - www.pezeshki.net

Kaweni `ymtyaz u
Sernûser;
`Umer `Elî

# ŘOŞINBÎR

Bilawkiraweyeki Roşinbiri
Giştî Serbexoye, Le Hewlêrî
Paytexit, Nawbenaw
Derdeçet

## کاتێ ساردی دەخۆیتەوە




**ئامادەکردنی: عومەر عەلی**

(١٠) خولەك دواتر: دە کەوچك شەکر دێتە ناو لەشت، دەزانن لەبەرچی بەخواردنەوەی ئەم رێژە شەکرە نارشێنەوە؟ چونکە (ترشی فسفۆریك) تامەکەی دەگرێتەوەو شیرینییەکەی ناهێڵێت. (٢٠) خولەك دواتر: شەکری خوێنتان بەرز دەبێتەوەو لەئاکامدا (ئەنسۆلین) هەڵدەچێ، جگەر هەڵدەستێ بە گۆڕینی شەکر بۆ چەوری تاکو شەکری خوێن لەوە زیاتر بەرز نەبێتەوە. (٤٠) خولەك دواتر: کافینی ناو ساردییەکە بە تەواوی هەڵدەمژێت، گلێنەی چاوەکان دەکرێنەوە، پاڵە پەستۆی خوێن بەرز دەبێ، لەم کاتەدا جگەر شەکر دەرژێنێتە ناو خوێن، (ئادنۆزینی مێشك) رادەوەستێ بۆ ئەوەی رێگە لە خەو بگرێ. (٤٥) خولەك دواتر: چالاکی ماددەی (دوپامین) زیاد دەکات و هەندێ ناوەندی ناو مێشك دەکەونە باری سەرخۆشییەوە.

(٦٠) خولەك دواتر: ترشی فسفۆریك دەچێتە ریخۆڵەی بچکوك و دەنووسێتە (کالیسیۆم و مەغنیسیۆم) و رووی سوتانی لەش زیاد دەکات. رێژەی زۆری شەکرەی خوێن و شیرەمەنییە دەستکردەکانی دیکە دەبنە هۆی ئەوەی کە ماددەی (کالیسیۆم) لەرێگەی میزڵدانەوە دێتە دەرەوە. دواتر (کافین) وەك ماددەیەکی میزهێنەر، دەستبەکار دەبێت. ئێستا ئیتر ئەو ماددە (کالیسیۆم و مەغنیسیۆم و رووی)ـیانەوە، کە دەبوایە بگەینە ناو لەش، ئەوا هەر هەموویان لەرێگەی میزڵدانەوە فڕێ دەدرێن، رێژەی ئاوێکی زۆریش بەفیرۆ دەچێت.

## کۆشکی مەجید پاشای بابان



دەکەوێتە رۆژئاوای شاری کفری‌یەوە، لەلایەن (مەجید پاشای قادر بەگی بابان)ەوە دروستکراوە، مێژووەکەی دەگەرێتەوە بۆ کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم. کۆشکەکە لە دوو نهۆم و دیوەخان و چەند ژوورێك پێکهاتووە، بەڵام بەداخەوە ئێستا بەهۆی نەبوونی خزمەتکردنی ئەو شوێنەوارە دێرینەی شاری کفری، وا ساڵ بە ساڵ بەرەو روخان و لەناوچوون دەچێت.

## وشەکاتێر



١.بوونەوەرێ لەگەڵ خۆی شەڕ بکات لەگەڵ ئاشتی بەینی نییە.

٢.هەوری شەوانە، عاشقی ئاسمانی بێ ئەستێرەیە.

٣.خۆزگە باران دەیزانی باڵندە جلوبەرگی نییە بیگۆڕێ.

٤.هیچ شتێك ئەوەندە پیرۆز نییە، کە کرا رەخنەی لێ نەگیرێ.

٥.ماچێکی لەسەر رومەتم چاند تاکو دواتر میوەکانی بچێنێ.

٦.هەندێ کەس یەك توانای هەیە ئەویش قەڵەو بوونە.

٧.هەندێ کەسدەخرێتە ناخی دڵی مرۆڤێکەوە، بەڵام بنج داناکوتێ.

٨.ئاوێنە خێراترین وێنەی دونیایە.

٩.ئیزرائیل لە هیچ دادگایەك دادگایی ناکرێ.

١٠.ئەوانەی لە خەمی دوێنێدان، ناتوانن پلانی بەیانی دابنێن.

## واتای هەندێ لە ناوە جوانەکانی خودا



١. ئەلرەحمان = بەخشندە.
٢. ئەلرەحیم = خاوەن سۆز.
٣. ئەلمەلیك = پادشا.
٤. ئەلسەلام = پاك و بێگەرد.
٥. ئەلموهەمین: چاودێر.
٦. ئەلموتەکەبیر = بەرزو گەورە.

## ئایا دەزانی؟



١. پشیلە ناتوانێ شەکر بخوات.
٢. هەر تاڵی لە پرچی مرۆڤ دەتوانێ ١٠٠ گرام کەشە بکات.
٣. خێرترین جاڵجاڵۆکە لە کاتژمێرێکدا ١٦کم بریوە.
٤. خەڵکی فلیپین زیاتر لە ١٠٠٠ جۆر زمانیان هەیە.
٥. قەبارەی کونی ئۆزۆن بەقەند ئەمریکای باکوورە.
٦. کەرکەدەن لە مرۆڤ خێراترە.
٧. دە لە سەدی کێشی مرۆڤ بەکتریایە.
٨. شامپانزەکان دەتوانن لە ئاوێنە دەموچاوی خۆیان بناسنەوە، بەڵام مەیمونەکان ناتوانن.
٩. مرۆڤ و شامپانزی (٩٨،٥٪) وەك یەکن.
١٠. لە پێنج چرکەدا کۆمپیوتەرێك ڤایرۆس لێی دەدات.

## ماستە بەناوبانگەکەی هەولێر

**ئامادەکردنی:**
**ئەحمەد سەرکەوت**

هەردوو لێکۆڵەر (سەلمان ئەحمەد و پەیمان ئەکرەم) لە بەشی زیندەوەرزانی کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی سەلاحەدین/ هەولێر لێکۆڵینەوەیەکیان لەسەر ماستی هەولێر کرد، بەم شێوەیەی خوارەوە:



٭ لە ماست:
١. بەکتریای هەوا: ١٠٠٪
٢. بەکتریای کۆڵۆن: ١٠٠٪
٣. بەکتریای کۆڵۆنی بەراز: ٦٨٪

٭ لەپەنیر:
٤.بەکتریای کۆڵۆنی بەراز: ٦٥٪
٥.بەکتریای کۆڵۆن: ٨٠٪
٦.بەکتریای (عونقودی) لە پەنیر: ٥٣،٥٪
٧. بەکتریای (عونقودی) لە ماست: ١٨٪

نۆشی گیانتان بێت.

* سەرچاوە: ڕاستییەکانی زانستی سەردەم

## عومەری خەیام، دەڵێت:



لە نزمی زەوی تا بەرزی زوحەل
لە مەکر و حیلە دەرچووم پەلەپەل
چەند موشکیلەم بوو یەك یەك کردم حەل
وەك خۆی مایەوە موشکیلەی ئەجەل